www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 29-5-2006 19:09

## پەرلەمانتارە بێ ئابڕووەکان. ! ... رزگار محەمەد

rgnztn@yahoo. com

کە دەمانگوت ئەوانە نوێنەری ئێمە نین کە بە ئەندام پەرلەمان تعیننتان کردون، پێتان دەگووتین ئێوە تابوری پێنجەمن و چاوتان بەو ئەزموونە هەڵنایەت. کە گوتمان با کوَنە هینەکان پێنەخەنە ئەو مینبەرە موقەددەسە، گوتتان ئێوە دەست لە ئاسایشی نەتەوەیی وەردەدەن. کە گوتمان مەعز بوَخوا ئەوانە شیاوی ئەو جێگایە نین کەسی تر دابنێن لە جێگایان، داتانە قاقای پێکەنین وگوتتان (بوَخوَتان سیر بخوَن و زورنا لێبدەن) .... !!!!!

وا ئەمڕوَ هەموو ئەو تەنەبوئات و پێشبینانەمان راست دە رچوون، ئاخر ئەندام پەرلەمانێك بە وهەموو حێانەو سەنگەوە فێڵ لە خوَی و پەرلەمان و میللەتەکەی بکات دەبی چاوەڕوانی چی لێبکری؟ ئەندام پەرلەمانێك کە (رغما علی انفنا) بوەتە نوێنەرمان بوَ چەند قروشێك تەنازول بکات و دەست بە تەلەکە بازی بکات دەبی چ پرۆژەیەکی چاکسازی و پەرەپێدانی لە هەگبەدابێت بوَ ولآتەکەی و لە وە زیاتر گەندەڵی چی بێت؟ پەرلەمانتارێك کە معاشەکەی 30 هێندەی دەرچووی کوَلیژێك بێت ئینجا هێشتاچاوی لە روتاندنەوەو فرتوفێڵ بێت دە بێت چ عەبقەرییەکی لی دەربچێت؟.

هەقە ئەوانە بدرێنە لیژنەیەکی تەئدیبەوە بوَ ئەوەی جارێکی تر بە رامبەر بە گە ل و ئەو سوێندەی کە خواردویەتیان بە ئەدەب بن؟ زەرورە ئەوانە کەداخەکەم نازانم چەند ساڵێ تر لەو شوێنە دەمێننەوە ئە گەر حزەبکانیان ناتوان بیانگوَڕن باچاودێریان لەسەر دابنێن وئاگاداری هەڵس و کەوتیان بن، ئاخر ئاسایشی گەل و ولآت گرنگ و حساسیشە. بەڵام هەروەك گوَران محەمەد دەپرسێت:توَبڵێی ئەم ئەندامانە هەر ئەوانە نەبن کە سوێندیان خوارد هەرچیان پێبکرێت بوَ بەرژەوەندی (گەڵ) درێخی نەکەن؟ خوَ ئەگەر وابوو ئەوا منیش هیچ گلەییەکم لێیان نییەو دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەوو – قسەکان بەردەوام هی گوَرانە— (چونکە ئەوان خواو ئێمەیان کردە شاهید کە لەخەمی (گەڵیان) دابن نەك گەل *.

* گوَران محەمەد: پەرلەمانگێت. هەفتەنامەی میدیا ژ/241 لە 2006/5/23